# بنیاتی هزری لە شیعرەکانی (نەجات ئەسپیندارەیی)دا

**پ.د.مەولود ئیبراهیم حەسەن**
بەشی کوردی/ کۆلێژی زمان
زانکۆی سەلاحەددین
mawlud.hassan@su.edu.krd

(توێژەر) **ئارەزوو ئەزوەر کەریم**
قوتابی ماستەر لە زمانی کوردی،
زانکۆی سەلاحەددین
Arazu.Karim@su.edu.krd

**پوختە:**

(بنیاتی هزری لە شیعرەکانی نەجات ئەسپیندارەیی ) دا ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە، دیارە هەموو دەقێکی ئەدەبی شیعری بێت یاخود پەخشانی بێت، لەسەر هزرێك دادەمەزرێت. ئەم هزرە بەشێوازێکی واتایی ئامادەیی هەیە لە بیری خاوەنەکەیدا، دوای ئەوە بەدوای وشە و دەربڕین و فۆرم و ڕەگەزە ئەدەبییەکاندا دەگەڕێ، بۆ دروستبوونی دەقی ئەدەبی، ئینجا ڕەگەزەکانی دیکە دێن، ئەم هزرە بە جوانی دەگەیەنن.

نەجات ئەسپیندارەیی شاعیرێکە بنیاتی هەموو شیعرەکانی لەسەر چەند هزرێکی بەهێز دادەمەزرێنێت .

ئەگەر لە بنیاتی هەموو دەقەکان ورد بینەوە، دەبینین ئەو دەقەی کەوا هزرەکەی بەهێزبێت ، ئەوا زۆرترین کاریگەری دروست دەکات، ئەگەر بێت و بە هۆکاری جوان بە زمان و بە شێوازێکی بەهێز وەکو هزرەکە پێشکەش کرابێت، بە پێچەوانەشەوە هەردەقێك ئەگەر بە ئاستێکی بەرزی شیعری نەنووسرابێت، ئەوا ئەنجامەکەی نادات بەدەستەوە، لێکۆڵینەوەکەمان بەناونیشانی سەرەوەیە و تاوتۆی شیعرەکانی شاعیر"نەجات ئەسپیندارەیی" دەکەین.

**وشە سەرەکییەکان:** ئەسپیندارەیی، هزر، کۆمەڵایەتی، ئاینی، نەتەوەیی.

## پێشەکی

(بنیاتی هزری لە شیعرەکانی نەجات ئەسپیندارەیی ) دا ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە هەوڵدەدات لە ڕێگەی خستنە ڕووی هزری کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ئاینی دەقە شیعرییەکانی نەجات ئەسپیندارەیی شیبکاتەوە، ئەدەب بەشداریەکی کارای لە نێو هەموو لایەنەکانی ژیاندا هەیە، ئەسپیندارەییش لە ڕێگای بەرجەستەکردنی هزرییەوە هەوڵی داوە ئەو هەستەی بخاتە ڕوو بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەری بۆ دروست بێت.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاریە، لە هەڵسەنگاندن و ڕاڤەکردنی دەقەکاندا، ئەرکی دەرخستنی لایەنی هزری و جوانیی دەق و شیکردنەوەی تێکستەکانە.

**ئامانج و گرنگیی توێژینەوەکە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە کە تیشکێکی ورد بخەینە سەر گرنگیی مەبەست و بەکارهێنانی هزری لە شیعرەکاندا.

**سنووری توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە دیوانی (گورگنامە) دەبەستین کە لە ساڵی (٢٠٠٩) لە چاپدراوە، لەگەل کۆمەڵێك لە شیعرەکانی تری نەجات ئەسپیندارەیی، سنووری لێکۆڵینەوەکەش لە چوارچێوەی هزرییە، واتە ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بەلایەنی هزرییەوە هەیە لەنێو شیعرەکاندا.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:**

لەبەر ئەوەی بنیاتی هزری، بنیاتێکی گرنگە لە توێژینەوەی ئەدەبیدا و بایەخێکی زۆری پێدراوە و تائێستاش هێندەی ئێمە ئاگاداربین کەس کاری لەسەر شیعرەکانی "نەجات ئەسپیندارەیی"نەکردووە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە : باس لە بنیاتی هزری لە شیعرەکانی "نەجات ئەسپیندارەیی"دا دەکات.

بەشی یەکەم: پێناسەی بنیات، پێناسەی هزر، لە بەشی دووەمدا: ئەم بەشە زیاتر بەشێکی پراکتیکییە باس لە بنیاتی هزری لە شیعرەکانی "نەجات ئەسپیندارەیی" لەڕووی هزری کۆمەڵایەتی، هزری نەتەوەیی ، هزری ئاینی دەکات. لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە خراوەتە روو.

## بەشی یەکەم:
## بنیاتی هزری

**- کورتەیەك لەبارەی بنیاتەوە:**

وشەی بنیات لە زمانە ئەوروپییەکاندا لە وشەی (stuere)ی لاتینییەوە هاتووە، کە بەمانای بنیاتنان و دروستکردن دێت، لە بەرامبەر (بنية)ی عەرەبی هاتووە و هەر لەوەوە وەرگیراوە: چەمکی وشەکەش رەگەزەکانی بینا دەگرێتەخۆ، لە رووی هونەری تەلارسازی و بوونی جوانی، کە ئەویش بە مانای ((بینا ، یاخود ئەو رێگە و شێوازە دێت، کە بینایەکی دیاریکراوی پێ دروست دەکرێت. فەرهەنگە ئەوروپییەکان جەخت لەسەر ئەوەی دەکەنەوە، کە هونەری تەلارسازی ئەوروپییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمەوە تا ئێستاش ئەو وشەیە بەو مانایە بەکاردەهێنن)) (فضل، ١٩٨٧، ١٧٥) لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەی بنیات (البنيوية ، البنائية) هاتووە، هەندێك جاریش لە (البنية) بە کارهاتووە.

لە فەرهەنگی فارسیشدا بە مانای ((ڕەگ و بنەچە و ڕیشە و بناغە هاتووە)) (حسەین، ٢٠٠٨، ٢٢)، لە زمانی کوردیشدا کۆمەڵێك زاراوە بە کاردێت لەوانە ((بینا، بنەما، پێکهاتە، قەوارە، بناغە)) (عزیز، ٢٠٠٩،٣)

لە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەدا ئەم زاراوەیە بە مانای ((بنەڕەت، بناخە)) هاتووە (هەژار، ٢٠١٠، ٦١) لەلای کوردیش ئەم زاراوەیە هەر لە سەرەتاوە بۆ ((دروستکردنی خانوو بەکار هاتووە، چونکە مرۆڤی کورد بەشێوازی خۆی هەوڵی داوە خانوو بنیات بنێ، هەربۆیەش لە فەرهەنگە کوردییەکاندا، مانای بناغە دانان و خانوو دروست کردن دەگەیەنێت.)) (سەعدون، ٢٠٠٩، ٢٣).

هەر لە بارەی ئەو وشەیەوە وتراوە ((بونیاد بە شێوەیەکی گشتی هەموو پێکهاتەیەکە، کە لەدیاردەی بەیەکەوە بەستراو پێکدێ، بوونی هەریەکەیان

لەسەر بوونی ئەوەی دیکەیان دەوەستێ، قەتیش هیچیان نابنە ئەوەی هەنە، تەنیا بە سوود وەرگرتن نەبێ لەو دیاردە و رەگەز و بەشانەی تر، کە لەگەڵ یەك کۆکراونەتەوە و بەوە بونیادەکەیان دروست کردووە)) (عەبدوڵلا، ٢٠٢١،١٤)

بنیاتی شیعر پیکهاتەیەکە، لە چەند ڕەگەزێك پێکدێت، کە لەئەنجامی یەکگرتن و کارلێك کردنی ئەو ڕەگەزانە بەیەکەوە یەکەیەکی یەگکرتوویان لێ پێکدێت، بوونی هەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکان لەسەر ئەوەی تریان دەوەستێت، هەموو ڕەگەزەکانیش بەیەکەوە پەیوەستن بە سوودوەرگرتن لە یەکتر ئەرکەکەیان تەواو دەکەن.

لە پرۆسەی نووسینی شیعردا، بنیاتی جۆراوجۆر هەیە، مەرجیش نییە ئەو بنیاتانە هەموویان هونەری بن، هەندێك لەو بنیاتانە دەتوانن ڕۆڵی هونەری بگێڕن ((ڕەگەزەکانی شیعر لە کۆنەوە چەسپاون و بوونیان مەرجی سەرەکیە لە پێکهاتەی شیعردا بەڵام بنیاتەکانی شیعر چەسپاو نین و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بەپێی قۆناغەکە و گەشەکردنی کۆمەڵ و ئەزموونی شاعیر گۆڕانیان بەسەردادێت، هەروەها بوونیشیان مەرجێکی سەرەکیە لە چێوارچێوەی شیعردا بەڵام کە بوونیشیان نەبوو هیچ کار لە رەسەنایەتی شیعر ناکەن )) (سە عدون، ٢٠٠٩، ٢٤).

لەکۆی ئەو را و لێکۆڵینەوانەی کۆکراونەتەوە لەسەر کۆی پرۆسەکەو وشەی بنیات و ئەرکەکەی لە شیعردا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە بڵێین بنیاتی شیعر ئەوەیە کە لە چەندین ئاست و رەگەزێك پێکدێت ، بە یەکەوە بەستانی ئەو ئاست و رەگەزانە و یەکگرتنیان لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیاریکراوی وەك شیعر ئەوە بنیاتی شیعر پێکدێت.

_ پێناسە و شیکردنەوەی واتای هزر لە شیعردا

بنیاتی هزر لە نێو ئەدەبدا بنیاتێکی فرە ڕایەڵە، بەشداریەکی کارای لە نێو رستە و پەرەگرافەکانی دەقی ئەدەبیدا هەیە ، رەگ و ریشەی بە هەموو لایەنەکانی ئەدەبدا شۆڕ بۆتەوە ((ئەدەب ئاوێنەیەکە دیارترین و بەرجەستەترین سیما و ئاماژەی وێستگەی فکرمان بۆ دەردەخات)) (عمر، ٢٠٠٥، ٦٣).

هەر لە بەر ئەم هۆیەشە بە چەندین چەمك و فۆرمی جیاواز ناسێنراوە ، بۆیە سەیر نییە بۆ هەر چەمکێك لەمانە پێناسەی جیاواز و رای جیاوازمان هەبێت ، بەڵام لە کۆتاییدا هەموو تێکەڵی یەك بۆتە دەبنەوە کە هزرە ((دەتوانین بڵێین (بیر ) زاخاو ناوەڕۆکی بیرکردنەوەی مرۆڤە بەرامبەر دەوروبەرەکەی ، واتە کۆمەڵێ ڕا و بۆچوونیەتی ، کە رۆژانە بەرامبەر بە دەوروبەری خۆی دەریدەبڕێ بەو دەربڕینە (بوون) ی خۆی لە ئاستی شتەکان و کەسانی دی دەست نیشان دەکات)) (عەبدولرحمن، ٢٠٠٩، ٩).

لێرەوە ئیتر وردە وردە خۆمان لە بە دواداچوون بۆ پێناسەی هزر لە ناو لێکۆڵینەوە شیعرییەکاندا نزیك دەکەینەوە چونکە ((وشە و فکر هەوڵیدا بینای ئەدەبێکی هەمەڕەنگ فرە مەبەست و خاوەن شێوازی زۆر کاریگەر بکات، ئیتر ناوی لێنابێ یان نا ، هات بە هەندێ رێگەی تایبەتی دایڕشت، بەرهەمە فکریەکانی لە هی خەڵکانی تر جیا کردەوە ، تا وای لێهات ئەوەی کەسانێکی بیر تیژ و هەست ناسك پێشکەشیان دەکرد ، زۆر کاریگەرتر و جوانترە لەوەی زۆرینەی خەڵکی پێشکەشی دەکەن )) (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٩،٣٠) .

کەواتە هزر یان بیرۆکە بە بنیات و رەگەزی سەرەکی شیعر دادەنرێت لە پاڵ بنیات و رەگەزەکانی دیکە ، هزر کە ئەندێشە یا فکر یا هەندێ جار بیریشی پێ ئەوترێ.

هەر سەردەمە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، نووسەرانیش کاریگەریی ئەو سەردەم و بارودۆخەی تێدا دەژین بەسەریانەوە دیارە، سەرهەڵدانی هەر هزرێکی تازە لای نووسەران کاریگەری سەردەمی لەسەرە ((بێگومان ژینگە و دەوروبەر بە کەش و هەوای جوگرافیا لە لای خۆیانەوە لە چوارچێوەیەکی تایبەتی دیاریکراو و سنووردار‌دا دەگۆڕێن و ئەم گۆڕانە تا رادەیەکی هەست پێکراو لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بیر و ئەندێشە و هزر و داب و دەستوور و رێ و شوێنی ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی مرۆڤدا ڕەنگ دەداتەوە و سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ)) (عەزیز، ٢٠٠٩، ١٦).

بارودۆخی پەیدابوونی هەر یەکێکیان جیاوازە ((ڕەنگە ئەندێشەیەك لە ئەندێشەکان لە بارودۆخێکی دیاریکراو بە هۆی هەلومەرجێکی تایبەتییەوە پەیدا ببێت ، ئینجا بەرە بەرە پەرە بسێنێ و بە چەند قۆناغێك تێدەپەڕێ گۆڕانکاریەکان ساڵانێك بەردەوام دەبن، تا لە کۆتاییدا لە ناو هزرێکی تازەدا دەتوێنەوە کە زۆر جیاوازە لەو بیرەی کە لە سەرەتادا پەیدا ببوو نازانرێت کە بیرە تازەکە لە بیرە کۆنەکەوە پەیدا بووە)) (الطیب، ٢٠٠٨، ٢٠ ).

هزرەکان بەپێی ئاستەکانیان کاریگەری گەورە لەسەر رەفتار و چۆنیەتی بیرکردنەوەی کەسەکان دادەنێت، کەواتە هزر بوارەکەی هێزە فراوانە و بەربەست ناکرێت و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ڕۆح و زەین و هەستەکانی مرۆڤدا هەیە و ڕەگ و ڕیشەی بەناو زۆربەی بوارەکاندا شۆڕبۆتەوە و لە لێکدانەوەی هەموو ئەمانە لەلای هەندێکیان هزر و ئەندێشە ڕۆحی ڕەهایە لە هونەردا و لەبواری فەلسەفەشدا وێنەی بیر وەردەگیرێت ((بیر ئەو ڕەگەزەیە، کە شاعیر سەرقاڵ دەکات، تاوەکو بەدوای بەرگێکی شیعری وادا بگەڕێت، بە جوانترین شێوە بەرجەستەی بکات، بۆ ئەوەش پشت بە ڕەگەزەکانی تری

وێنەی شیعری بەتایبەتی زمان و سۆز و ئەندێشە دەبەستێت)) (کەریم،٢٠١٢، ٤٢) .

کەواتە بە هۆی هزرەوەیە بابەتەکە بەهێزتر دەبێت و کاریگەری زیاتری دەبێت، شاعیر دەبێت دەقەکەی لەسەر هزرێك دابمەزرێنێت و نابێت لەو هزرە لابدات کە دەقەکەی لەسەر دامەزراندووە، بەمەش دەقێکی بەهێز دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی هزر ئەو ڕەگەزەیە، کە شاعیر دەیکاتە بناغەی دەقەکەی خۆی.

## بەشی دووەم:
## بنیاتی هزری لە شیعرەكانی نەجات ئەسپیندارەیی
### -هزری كۆمەڵایەتی :

پابەندبوونی مرۆڤ بەو كۆمەڵگایەی تیایدا دەژیت بۆتە هۆی ئەوەی كە بەردەوام سەرنجی دیاردە كۆمەڵایەتییەكان بدات، سەرنجدانی مرۆڤ لە ژیانی كۆمەڵایەتی لە سەردەمە جیا جیاكاندا هەمیشە جێی باس بووە، ڕووداوەكانی ناو كۆمەڵگا بەشێكن لە وێنەی دەقە شیعرییەكان، ئەدەب پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە تاكەكانی نێو كۆمەڵگاوە هەیە ((مرۆڤ وشەكان وەكو ئامرازێك بەكاردەهێنێت بۆ كۆنترۆڵكردنی ڕەفتاری خۆی و كەسانی تر، وشەكان گرینگیەكی زۆریان هەیە لە ژیانی مرۆڤەكاندا ... لە ڕێگای قسەكردن و زمانەوەیە كە مرۆڤەكان دەتوانن هزرەكان و هەستەكان و مەبەستەكانی خۆیان بگوازنەوە بۆكەسانی تر)) (موحسن، ٢٠٠٢، ١٠٩).

مرۆڤ بەردەوام هەوڵی داوە گۆڕانكاری بكات، ئەم گۆڕانكارییە هاوڕێیە لەگەڵ كۆمەڵێك جووڵانەوەی هەست و دەروون، وەك دەزانین ژیانی مرۆڤ خاوەنی دوو لایەنی سەرەكییە، لایەنی ڕوون و ڕواڵەت و بەرچاو، لەگەڵ لایەنی ژیری و فیكری، بەم پێیە مرۆڤ لە دنیای دەرەوەیدا دەست ئەداتە دەسكاری و گۆڕان، بەڵام لەم گۆڕانكارییەدا ئەندێشە هاوبەشە و دەرەوەی خۆی دەبینێ، چونكە مرۆڤ هەم كار دەكات و هەم بیر دەكاتەوە، ئەدەب بەشێكە لەو بەرهەمانەی كە لە ئەنجامی بیركردنەوەی مرۆڤ بۆ دەربڕینی هەست و نەستی بەكاری هێناوە، بۆیە هزرەكانی وەك ((چەكێك بووە لەنێو چینەكانی كۆمەڵدا دژی دەسەڵات و داگیركاری و زوڵم زۆر جار بەكاری هێناوە)) (موسی، ٢٠١١، ٧٢).

لە بارەی هزری کۆمەڵایەتییەوە ((سروشتی باوی ئەو تەرزەی بیرکردنەوەیە کە کۆمەڵگا یاخود گرووپ بونیادی دەنێت، یاخود ئەو بەشەی هزرە، کە پەیوەندی بە ڕاییکردنی کاروباری دامەزراوەکان و ڕێکخستنی چالاکیە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە ، هزری کۆمەڵایەتی بایەخ بەو هزرە کۆمەڵایەتیە گەوهەرییانە دەدات، کە کۆمەڵگا یان گرووپ بڕوایان پێدەهێنێت، دەبێت ئەوەش بزانین ئەم هزرە بەر هزرە کۆمەڵایەتییەکان دەکەوێت)) (ئەلحەسەن، ٢٠٠٧، ٥٩٧).

هزری کۆمەڵایەتی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە تاکەکانی نێو کۆمەڵگا چۆنن و بە چ شێوەیەك بیر دەکەنەوە و تێڕاونینیان چۆنە بۆ دیاردەکان و خستنەکاری ئەو هزرەی کە هەیانە ((دەروونناسان پێیان وایە خود لە ڕێگای شارەزاییەوە بونیاد دەنرێت، شارەزاییەك کە لە کارلێکردنی مرۆڤ و دەوروبەری کۆمەڵایەتی دێتە بەرهەم، کەواتە لە هەموو بارەکانی کەسیەتیدا بونیادی مەعریفی و فکری مرۆڤی لەسەر هەڵدەچنرێت)) (عەبدوڵلا، ٢٠٠٩،١٠).

لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی کۆمەڵایەتی دوو ڕواڵەتی سەرەکی هەیە ((لایەنێکیان کار لەگەڵ ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە دەکات کە بەرهەمە ئەدەبییەکە دێنێتە کایە، لایەنەکەی تری بە هۆی کارە ئەدەبییەکەوە ڕێگای هاتنە پێشەوەی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکە خۆش دەکات، مەبەست کاریگەری ئەدەبە لە سەر خوێنەر و کۆمەڵ، هەردوو رواڵەتەکە لێك نزیکن و لە واقعی کاریشدا لە زۆر لایەنەوە پابەندی هەلومەرجی یەکترن)) (هالبێرگ، ٢٠١٠،١٧٢).

هەر بۆیە دەڵێن : ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵایەتییە ((تیۆری رەنگدانەوەیە، وای دەبینێت ئەو سنوورەی، کە زانیارییەکانمان دەتوانێت لە

هەقیقەتی بابەتی رەها نزیك بێتەوە سنوورێكی مەرجدارە لە ڕووی مێژووییەوە بەڵام بوونی ئەو هەقیقەتە و هەقیقەتی ئەوەی كە بەهۆیەوە لێی نزیك دەبێتەوە مەسەلەیەكی مەرجدار نییە... وای دەبینێت كە بنچینە و ئامانج و پێوەری زانیاریی كارامەیی كۆمەڵایەتی مێژووییە، كە رەگەزی ئادەمیزاد بەدەستی هێناوە)) (گەردی، ۲۰۱۰، ۲٤٤).

ئەگەر تەماشایەكی مێژوو بكەین دەبینین بابەتەكانی نێو كۆمەڵگا بەگشتی كەرەستەی سەرەكی ئەدەب بووە، هەوڵیان داوە بە هەر شێوازێك بێت ئەو هونەرە دەربڕن كە پەنگی خواردۆتەوە لە سینە و دەروونی هەر تاكێك لە كۆمەڵگا بۆ ئەوەی خزمەتی كۆمەڵگای پێبكات و بەرەو پێشەوەی ببات .

لە هزری كۆمەڵایەتی دەبێت رەچاوی قۆناغە مێژووییەكان بكەین، چونكە هەر كۆمەڵگایەك لە هەر سەردەمێكدا جۆری بیركردنەوە و یاسا و رێسای تایبەتی خۆی هەبووە، ئەم هزرەش چونكە پەیوەستە بەكۆمەڵگاوە، هزرێكی زیندووە پەیوەستە بە گەشە و گۆڕان و پێشكەوتنی كۆمەڵگاوە، لەهەموو لانەكانەوە كاریگەری دەكەوێتە سەر ((كاتێك لە هزری كۆمەڵایەتی دەكۆڵینەوە پێویستە بایەخ بەو قۆناغە مێژووییانە بدەین، كە پێیاندا گوزەری كردووە هەروەها بنچینەی ئەزموونی و مەعریفییەكانیش روون بكەینەوە كۆمەڵناسی فەڕەنسی، كۆنت یاسای سێ قۆناغەكەی داڕشتووە، كە دەڵێت : تەواوی هزرەكان لە ناویشیاندا هزرە كۆمەڵایەتییەكان بەم قۆناغانەدا گوزەریان كردووە و هەر دەشبێت پێیاندا گوزەر بكەن، قۆناغی ئاینی ، قۆناغی میتافیزیكی و لە كۆتاییشدا قۆناغی زانستی واقیعی)) (ئەلحەسەن، ۲۰۰۷، ٥۹۸).

هزری كۆمەڵایەتی سەرەڕای ئەوەی بە فاكتەری دیاری ئەدەب دادەنرێت، شوێنەواری ڕوون و دیار لەسەر ئەدەب بەجێ دەهێڵێت، بۆیە دەكرێ بڵێین ((شاعیران زۆر چاك ئاوێنەی رۆژگاری خۆیانن )) (هالبێرگ، ۲۰۱۰، ۱۷٦).

بۆیە شاعیر بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی دەڕوانێتە ژیان و دیدی بۆچوونەکانی لەو ڕووەوە دەخاتە بەرچاو بۆیە باسی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبنە بنەمای بەرهەمی هونەری شاعیران، هەر بۆیە شاعیران و نووسەران چەندی بیانەوێ بەرهەمەکانیان دوور لە خەیاڵێك بێت کە کۆمەڵگای تێدا دیار نەبێت، یاخود بزرکردنی ئەو واقیعەی تێدا بشارنەوە کە تێیدا دەژین کە هەرگیز ناتوانن، بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕۆژگار و کۆمەڵگا و واقیعی سەردەمەکە لە ناو بەرهەمەکانیان سەر دەکێشن و بە دیار دەکەون بۆیە لە نێو شیعرەکاندا دەیان وێنەی واقیعی کۆمەڵایەتی تێدا بەدی دەکرێت.

نەجات ئەسپیندارەیی یەکێکە لەو شاعیرانەی دەیان وێنەی واقیعی کۆمەڵایەتی جوانی بە خامەکەی نەخش کردووە و بەخوێنەری نیشان داوە لەم شیعرەدا کە دەیخەینە ڕوو نەجات ئەسپیندارەیی باسی ئەو کەسانە دەکات کە لەژیانیان بیر لە رابردووی خۆیان ناکەنەوە و دەڵێت:

**زۆر بێ خەمە ئەو کەسەی**
**تا دەگاتە رۆژی مردن**
**جارێك ئاوڕ ناداتەوە**
**لەو رۆژانەی کە ڕابردن** (ئەسپیندارەیی،٢٠٢١، ٢٣ )

لەم شیعرەدا شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منالی باس لە ڕۆژانی رابردوو دەکات کە چەند بە خۆشی و پاك و بێگەردی بە سەری بردووە دواتر لەم گۆڕانکاریانەی ژیان ئەو تام و چێژەی جارانی نەماوە ، بە بێ وەفا باسی ئەو کەسانە دەکات کە بیر لە مێژووی خۆیان ناکەنەوە، بێ وەفان بەرامبەر ئەو ڕابردووە جوانەی کە هەیانبووە، هەر کەسێك بیر لە ڕابردوو و رۆژانی خۆشی خۆی بکاتەوە بێ گومان خەم بۆ ئەو ڕۆژانە دەخوات کە تێپەڕین و بەسەرچوون بۆیە دەڵێ زۆر بێ خەمە ئەو کەسە ، کە بیر لە ڕابردوو ناکاتەوە ئاوڕێك لە ڕابردوو ناداتەوە.

**کە منداڵ بووم لە لادێ بووم**
**دڵم پڕی گەشبینی بوو**
**ڕك و کینەی نەدەزانی**
**ژینم هەموو گەشبینی بوو** (ئەسپیندارەیی،٢٠٢١ ، ٤٢ )

شاعیر لێرەدا بیر لە ڕابردوو دەکاتەوە ئەو ژیانە سادەیەی لادێ باس دەکات، کە چۆن بەیانیان لە خەو ڕادەبێ و چاوی بە کەژ و کێوە جوانەکان دەکەوێت، باسی ئەو سروشتە جوانە دەکات کە وەك نەخشێکە لەم زەمینە، ژیانی پێشینانی کوردەواری باس دەکات، کە وەك بەهەشت دەیچووێنێ لە خۆشی و جوانی و ڕازاوەیی و دڵڕفێنی، ئەوە سەردەمانێك بووە ڕۆیشتووە بووە بە ڕابردوو شاعیر حەسرەت بۆ ئەو کاتە دەخوازێ دەڵێ گەڕانەوەم بۆ ڕابردوو بە خەیاڵیش بێ هەر خۆشە گرینگ ئەوەیە لە ناو ئەو ژیانە خامۆشە چەند ساتێك دوور کەوینەوە و هەناسەی خۆشی هەڵمژین.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

**وەرە بابچینە سەر گوێژە**
**رەشەبای سلێمانی ئاسایی بۆتەوە**
**کاتێ سلێمانی دەبینی**
**هەست بەباڵابوون دەکەی هەر لە خۆتەوە** (ئەسپیندارەیی،٢٠٢١ ، ٥١ )

شاعیر لێرەدا کاریگەری ئەو ژینگەی لەسەرە و بناغەی شیعرەکەی لەسەر هزرێکی کۆمەڵایەتی دامەزراندووە.

### أ- باسی چینەکانی نێو کۆمەڵگا:

سەیری هەر کۆمەڵگایەك بکەین، دەبینین لە چینی جیاواز پێکدێن، بەشێکی زۆری لە چینی هەژار و کەم دەرامەت پێکدێت بەشەکەی تریش لە دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتووەکان پێکدێت، باری گوزەرانی خەڵکیش

ململانێیە لەگەڵ نەبوونی و ناخۆشییەکانی ژیان و ئەو کارەساتانەی کە بەسەریان دێت "ئەسپیندارەیی" وەك خەمخۆرێك لە نێو شیعرەکانی دەردەکەوێت و خۆزگە دەخوازێت بەوەی ببێتە قەڵغان بۆ ئەو کەسانەی کە بێ کەسن وەك دەڵێت :

**خۆزگە دەمتوانی لەم چەرخە سپڵە**
**بێ سەرپەرشتان بگرمە ئامێز**
**لە گورگی برسی بیان پارێزم و**
**ببمە قەڵغانێك بۆ پیاوی بێ هێز** (ئەسپیندارەیی،٢٠٠٩، ٣٤)

لەم شیعرەدا شاعیر دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت، کەسانێك هەن بێ کەسن و کەسێك نییە لایان لێ بکاتەوە توانای ئەوەشیان نییە کە بەرگری لە خۆیان بکەن بۆیە لێرەدا پەیامی ئەوەمان پێدەگەیێنێت خۆزگە ئەوانە پەنا و جێگا و رێگایەکیان دەبوو دەیپاراستن لە هەموو نەهامەتیەکانی ژیان ٠

**بۆ ئەو کۆرپەیەی کە بێ ئامێزە**
**دڵم هەر لە لای ئەشکەکانێتی**
**لەو مناڵانەی کە بێسەرپەرشتن**
**خەریکە پڕ بێ سەرتاپای گێتی** (ئەسپیندارەیی، ٢٠٠٩، ٣٤)

شاعیر لێرەدا پەیامێکی بەهێز دەگەیێنێت بۆ ئەو مناڵانەی کە بێکەسن دەتوانین بڵێین دوو جۆرە پەیام دەخوێندرێتەوە، یەکەم ئەوانەی کە بێکەسن لانە و شوێنیان نییە، دووەم ئەوانەی کە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نین، کەسێك نییە بیانگرێتە خۆ یاخود داکۆکی لە مافەکانیان بکات .

**ژیان ئازاری زۆری تیایە**
**هیچ کەس نییە رزگاری ببێ لەدەستی**
**دڕکێك هەر دەچەقێتە پێت**

**بە وشیاری هەنگاو باوێی یان بە مەستی** (ئەسپیندارەیی،٢٠٢١، ٣٦ )

لەم شیعرەدا شاعیر باسی مەینەتییەکانی ژیان دەکات، کە بەسەر هەر تاکێك دادێت، ئەو ناخۆشییانەی کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە زۆرجار هەڵەی هەنگاوەکان نییە بەڵکو چارەنووسی وایە.

**لە نێوچەوانم نووسراوە**
**دەبێ بەڕۆژ و بەشەو ئەسپی من زین بێ**
**وەکو پیاوانی جەنگیزخان**
**ڕووم لە جەنگ و پشتم لە عیشق و ئەوین بێ**
**لەجیاتی قەڵەم و کاغەز**
**شمشێرێکی جەوهەرداریان دایە دەستم**
**لەبەرچاوم سەریان دەبڕی**
**هەتا خوێنی ڕژاو کار نەکا لە هەستم** ( ئەسپیندارەیی،٢٠٢١، ٧٠ )

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەگەر تەماشای هەر تاکێکی کورد بکەین ئەوا ژیانیان پڕە لە جەنگ و ناخۆشی و ئەم وڵاتە پڕە لە شەڕ و کوشتار، بۆیە هەمیشە دەبێ ئامادەبێ بۆ شەڕ و دوور بێت لە خۆشییەکانی ژیان.

## ب- باسکردنی کەسایەتیی دیاری کۆمەڵگا:

مێژووی هەر میللەتێك سەیر بکەین دەبینین کۆمەڵێك کەسایەتیی دیار و مێژوونووس و سەرکردە و قارەمانی تێدایە، کە خەڵك شانازی پێوە دەکەن، کوردیش وەك هەر نەتەوەیەکی تر خاوەنی چەندان سەرکردە و قارەمان و مێژوونووس و رۆشنبیر و کەڵەپیاوی مەزنە، هەتا یەك تاك لە گەلی کورد مابێ شانازییان پێوە دەکەن، شاعیرانیش بۆ ئەوەی خزمەتێکی بچووك بەو کەسایەتییانە بکەن دێن لە شیعرەکانیان باسیان دەکەن و ناویان دەهێنن ئینجا

وەکو نموونە بێت یاخود پیاهەڵدان بێت، ئەسپیندارەییش لە شیعرەکانی ناوی ئەو کەڵەپیاوانە دەبات بەم شێوەیە:

**ئەم کاروانە تەنها نییە**
**کاروانێکە لەناو کاروانێکی تردا**
**زۆر بە تەپی هەنگاو دەنێ**
**وەك پێ دانانە لەسەر پشکۆی ئاگردان**
**مێژوونووسێکی ناودارنیم**
**هەنگاوەکانی ئەم کاروانە بژمێرم**
**شەرەفخان و زەکیش نەمان**
**ئەو کارە ورد چنینەیان پێ بسپێرم** (ئەسپیندارەیی، ٢٠٢١، ٧٣)

ئەسپیندارەیی لەم شیعرەدا پەیامی ئەوە دەگەیەنێ کە شەڕەفخان یەکێکە لە مێژوونووسە وردچنەکانی کورد (( شەڕەفخان سیاسەتوان و مێژوونووسی ناوداری کورد خاوەنی کتێبی شەڕەفنامە بوو، شەڕەفخانی بەدلیسی، کە لە گەورەترین ڕووناکبیران و نووسەرانی سەردەمی خۆیەتی، بە نووسینی شەڕەفنامە زانیاری لەمەڕ جوگرافیا و ژیانی ڕامیاری و دەسەڵاتی کورد و زمان و ڕووە هەمەجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردیی ئەو دەمەی تۆمار کردووە)) (www.wikipedia.org).

دەربارەی زەکیش ((محەمەد ئەمین زەکی بەگ ، بە تورکی و عەرەبی و کوردی سەبارەت بەمێژووی جەنگ و لەشکر و مێژووی ڕامیاری کوردستان خاوەنی بەرهەمی بەنرخە، ئارەزووی لە هۆنراوە و وێژە و خۆشنووسین و نیگارکێشان بووە و زمانەکانی کوردی ، عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی زانیوە و لەبەر زیرەکی و لێوەشاوەیی بە (زەکی) ناوبانگی دەرکردووە)) (www.wikipedia.org).

**متمانە مەکەن بەقسەی شوانێك**
**لەگەڵ گورگدا جیاوازی نەبێ**
**پێتان دامەنێن لەسەر ڕێگایەك**
**گەر ئەو ڕێگایە ڕێی قازی نەبێ** (ئەسپیندارەیی، ٢٠٢١، ٥٥ )

شاعیر لێرەدا ناوی کەسایەتی دیاری کورد "قازی" دەهێنێت، پەیامی ئەوە دەگەیەنێت ئەو ڕێگایەی کە قازی محەمەد پێدا تێپەڕی ڕێگای ئازایەتی و بەرخودان و سەربەستی کوردستانە و هەر بەو ڕێگایەدا بڕۆن.

**٢- هزری نەتەوەیی:**

نەتەوە یەکێکە لەو باسە گرنگانەی، کە زۆربەی نووسەران و شاعیران باسیان لێوە کردووە، بەشێوەیەکی فراوان پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، لەوەتەی نەتەوە هەیە، هزری نیشتمانپەروەریش لەگەڵیدا لەدایك بووە، نەتەوەی کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی کە زۆربەی شاعیران و نووسەرانی گەلەکەمان لەبارەی ئازادی و خەباتگێڕی و نیشتمانپەروەرییەوە خامەکانیان خستۆتە گەڕ و چەندین وێنەی جوانیان بەخامەکانیان نەخشاندووە و تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگی زۆر جوانیان پێشکەش بەخوێنەری نەتەوەکەیان کردووە .

بۆ بوونی نەتەوەش چەند پایەیەك دیاری کراون لەوانە ((جۆری خاك و مێژووی هاوبەش و کەلتووری هاوبەش و زمان)) (قەرەداغی، ٢٢-٢-٢٠٢١).

کەواتە بۆ بوونی نەتەوە خاك گرینگترین شتێکە کە هەبێ بۆ ئەوەی لە سەر ئەو خاکە هەموو مافەکانی تاك بە دەست بێت ((نەتەوە دەبێتە یەکەیەکی جیانەکراوەی بەرژەوەندییەکانی (گەل، دەوڵەت، نیشتیمان ) نەتەوە لەو مێژووە بە دواوە تەنها ئەوە نییە کە کۆمەڵێك پێکهێنەر و توخمی بنەڕەتی و سەرەکی هەبێت وەکو زمان، خاك، مێژووی هاوبەش، کەلتووری هاوبەش، بەڵکو دەبێتە

یەکەیەك تا چوارچێوەیەکی پتەو بۆ پێکەوە بەستنی هەموو ئەمانە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی و هاونیشتیمانانی هەر نەتەوەیەك دەخوازن کە لەسایەی یەك حکومەتدا ژیان بەسەربەرن و تەنانەت لەوەشدا خۆیان هەوڵدەدەن کە ئەو حکومەتە پێکبهێنن )) (میهرداد، ٢٠٠٦، ١٦).

نەتەوە گرینگترین شتێکە کە لە ژیانی هەر تاکێك بوونی هەبێت، تاکەکانی نێو کۆمەڵگا بە هۆی بوونی نەتەوەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، واتە نەتەوە فەرهەنگی هەر میللەتێکە ((نەتەوە چوارچێوەیەکە هەر دوو یەکەی سیاسی و نەژادی نەتەوەیی پێکەوە دەبەستێتەوە، نەتەوە فەرهەنگ و ئیرادەیە)) (میهرداد، ٢٠٠٦ ، ٢٠٩).

نەتەوە هەمیشە لەلای هەر میللەت و تاکێکی ناو کۆمەڵگاوە وەك شتێکی بەنرخ سەیر کراوە، هەر وەك دەزانین هەر تاکێك سەرچاوەی دروستبوونی نەتەوەیە، بۆیە بوونی نەتەوە لە ژیانی تاکدا زۆر پێویستە هزری نەتەوەیی یەك واتای نییە بەڵکو وەك (د٠ عەبدوڵڵا ئاگرین) ئاماژەی بۆ کردووە زیاتر لە واتایەکی هەیە ٠

١- زاراوەیەکە بە هەڵگرانی خودی بیر و باوەڕەکە دەگوترێت ٠

٢- مەبەستێکە بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی رزگاری خوازی و ئازادی بەخشی کوردی. (ئاگرین،١٩٩٩، ٣٩).

کەواتە هزری نەتەوەیی ئەو بیر و باوەڕەیە کە هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگا هەڵگریەتی، نەتەوەی کورد هەر لە کۆنەوە بیری نەتەوایەتی لە ناویاندا پەیدا بووە ((کوردیش لە سەدەی نۆزدەوە، بۆ شکاندنی بەندی کۆیلەیی و ئیمپراتۆریانە و سەربەخۆی نەتەوەیی راپەڕی )) (هەژار ، ٢٠١٣، ٢٠)

هەموو هەوڵێکی بۆ سەربەخۆیی ئازادی داوە بۆیە کوردایەتی ((هەست و سۆز و بیر و باوەڕ و خەبات و بزووتنەوەی کوردە لە پێناو بەرگریکردن لە

کوردستان و له بوونی نەتەوایەتی کورد و رزگاربوون و یەك پارچەیی کوردستان و سەربەخۆیی ئازادی و بەختیاری نەتەوەی کورد و ڕەخساندنی هەلی لەبار بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری بۆ بینینی دەوری مێژووی خەڵکی کوردستان له شارستانیەتی و له کاروانی گەلاندا به مەبەستی چەسپاندنی مافی مرۆڤ و سەروەریی یاسا و گەشەپێدانی کۆمەڵگەی کوردەواری و چەسپاندنی بنەماکانی مرۆڤایەتی له سەرتاسەری جیهان )) (نیزامەدین ، ٢٠٠٢ ، ٨).

هەر لەو کاتەوەی بیری نەتەوایەتی کورد سەری هەڵداوه تاکو ئێستا دابەشی سەر سێ قۆناغ دەکرێت که ئەمانەن :

١- هەست پێکردنی نەتەوەیی یان قۆناغی خۆ جوداکردنەوەی کورد له نەتەوەکانی تر، ئەو قۆناغەش له سەدەی (١٦) دەست پێدەکات تا کۆتایی سەدەی (١٩) .

٢- سەرهەڵدانی رێکخراوی نەتەوەیی که له دەرچوونی رۆژنامەی کوردستانەوه دەست پێدەکات تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم دەخایەنێت ٠

٣- قۆناغی دەستپێکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد له پاش جەنگی یەکەمی جیهانی (ئاگرین ، ١٩٩٩ ، ٣٥) هزری نەتەوەیی تاکی کورد له مێژەوه هەوڵی پاراستنی هزریی نەتەوەیی تیایا دراوه، هەرچەنده دژایەتی زۆر کراوه، بەڵام کورد توانیویەتی پارێزگاری لەو هەست و هزرانه بکات ((کورد توانیویەتی له بواری فەرهەنگی و بیرکردنەوەی ئەدەبی و هونەری و تەنانەت پاراستنی رەمز و وەهمه نەژادییەکانیش دا، وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیا لەوانی دیکه بمێنێتەوه بەشێکی زۆری فەرهەنگی کوردی تا ئێستا به کوردی ماوەتەوه و تەنانەت فۆلکلۆرو داستان و ئەدەبی هونەری ناوچەی لوڕستان کاریگەریەکی گەورەی کردۆته سەر فەرهەنگی فارسی و فەرهەنگی باکوری

کوردستانیش بەو شێوەیەش گەلێك کاری لە فەرهەنگی تورکی کردووە )) (مهردات ، ٢٠٠٦ ، ٦٢ - ٦٣).

هەر چەند کورد دوژمنی زۆر بووە و هەوڵی لەناوبردنی کورد و فەرهەنگ و کەلتوورەکەیان دراوە بەڵام ئەو هەوڵەیان شکستی هێناوە و رۆژ بە رۆژ لە گەشەسەندنی بەردەوامدا بووە و بگرە نەتەوەکانی تر کاریگەر بوون بە فەرهەنگ و کلتوورەکەی ((دیارە وشەی (کورد) بە وەسف و ناونیشانێك ناودەبرا بۆ بوێری لە ڕادەبەدەر )) (عەونی ، ٢٠٠٦ ، ٦٠).

هەر لە کۆنەوە نەتەوەی کورد لە ئازایەتی و مەردایەتی ناوبانگییان دەرکردووە، لە پێناو خاك و وڵاتیان جەنگاون، هەستی نەتەوایەتی لەلای تاکەکانی کورد زۆر بە هێز بووە تا گەیشتۆتە ڕادەی ئەوەی خۆیان بکەنە قوربانی نەتەوە و خاك و نیشتیمانەکەیان.

(نەجات ئەسپیندارەیی ) یەکێکە لەو شاعیرانەی بە خامەکەی خزمەتی بە گەل و نیشتیمان کردووە، بە هەستێکی قووڵی نەتەوەیی نووسیویەتی، هزری نەتەوەیی لای شاعیر بەم شێوەیە:

**با کڵاوی سەری بردم**
**خستییە سەر سەری کەسێکی بێگانە**
**ئێستاکە من بێگانەم**
**ئەویش بۆتە خاوەنی ئەم نیشتمانە** (ئەسپیندارەیی،٢٠٢١، ٢١ )

لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

**پەنجەکانم چەند تامەزرۆی**
**داهێنانی قژی منالێکی جوانن**
**چاوەکانیشم سەد هێندە**
**تینووی دیتنی دارو بەردی نیشتمانن** (ئەسپیندارەیی،٢٠٢١، ٢١ )

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

**من نیشتمانێکم دەویست**

**وەکو ئامێزی دایکم ئارام بەخش بێ**

**شەوان تریفەی مانگە شەو**

**بەڕۆژ پرشنگی خۆر بەسەریا پەخش بێ**

**ئێستا نیشتمانم خوێنە و**

**گورگ و کەمتیار لەچوارلاوە دەمی بۆ دێنن** (ئەسپیندارەیی،٢٠٢١، ٢٧ )

لەم شیعرەدا باسی، نیشتمان دەکات هزری نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری زۆر بەقووڵی لە شیعرەکەدا دەبینرێت و خوێنەر بۆ مێژووی پڕ لە نەهامەتی کورد دەباتەوە کە چۆن خاکەکەی دابەشکراوە و بۆتە چوار بەش.

**أ- هزری سەربەخۆیی :**

هزری سەربەخۆیی لەلای شاعیر زۆر بە ڕوونی لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت ((سەربەخۆیی وەك چەمك واتە ئازادیی گەل، هەموو تاکێکی کۆمەڵگا خەون بە ئازادی و سەربەخۆییەوە دەبینێت و هەموو هەوڵێکی بۆ دەدات، لەو پێناوەش قوربانی دەدات)) (عمر شاهین، www .ammomews.net)

نەجات ئەسپیندارەیی بەشێکی فراوان لە شیعرەکانی بابەتی هزری سەربەخۆیی لە خۆ دەگرێت، وەك هەر تاکێکی کورد هەستی بەو مەترسییانە کردووە کە لە سەر تاکی کورد و کوردستان هەیە بەردەوام بە شێوەی ڕەمز و ئاماژەدان بە بوونی گورگ لە چوار لاوە کە ژیانی کوردیان تەنیوە و هەمیشە کورد لە مەترسیدا بووە.

**ئەی سەربەستی ئەی سەربەستی**

**ئەی ئەو وشەی لای هەموو کەس خۆشەویستی**

**ئەی ئەو وشەی**
**هەوێنی شیعر و هەڵبەستی**
**وەکو سێبەر لێم نزیکی**
**بەڵام دەستم ناتگاتێ**
**بۆگشت کەسی**
**بەڵام بۆ من نیت ساتێ** (ئەسپیندارەیی،٢٠٢١، ٦٦ )

لێرەدا ئەسپیندارەیی باس لە سەربەستی و سەربەخۆیی دەکات ، وشەی سەربەستی لای هەموو کەس خۆشەویستە، هەموو نەتەوەیەکی ژێر دەست هەوڵی سەربەخۆیی دەدات، بۆئەوەی بەسەربەستی بژین و دووربین لە هەموو ناخۆشییەکانی ژیان.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

**منیش سەربەخۆییم دەوێ**
**سەربەخۆیی خۆشەویسترە لە چاویش**
**سەربەخۆیی وەك نان و ئاوە**
**هەم سەربەخۆییم دەوێ هەم نان و ئاویش** (ئەسپیندارەیی،٢٠٢١، ٤٣ )

سەربەخۆیی بۆ هەر نەتەوەیەك گرینگترین شتە، هەموو نەتەوەیەك بۆ سەربەخۆیی هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی مافەکانی بەدەست بهێنێت.

**ب- هزری ئازادی:**

ئازادی یەکێکە لەو چەمکانەی کە زۆرترین نووسین و ڕای جیاوازی لەسەرە، چونکە پەیوەستە بە ژیانی تاك و کۆمەڵگاوە یەکێکە لەو پێداویستیانەی، کە مرۆڤ بۆ ژیانکردن پێویستی پێیەتی، ئازادی بەلای هێگڵەوە کرۆکی رۆحە، لەم ڕووەوە دەڵێت : ((هەروەکو چۆن کرۆکی ماوە قورساییە، بەم شێوەیەش کرۆکی رۆح، باشترە بڵێین چییەتی رۆح، ئازادییە،

دەبێت ئەوە بزانین ئازادی سیما سەرەتاییەکانی ناسینەوەی رۆحە، ئەگەر نەڵێین سیفەتی یەکەمیەتی)) ( محمد ، ٢٠١٠، ١١).

هێگڵ ئازادی وەکو رۆح بۆ ژیان پێناسە دەکات، کاتێك رۆح نەبێت ژیانیش نابێت، کەواتە ئازادی بوون مەرجێکی گرینگی ژیانکردنی مرۆڤەکانە، توانا بە مرۆڤ دەبەخشێت و بۆ ئەوەی جەوهەری شتەکان بدۆزێتەوە ((ئازادی توانا و بەهرەیەکە بە هۆی ئەوەوە مرۆڤ بتوانێ خۆی جیهان بگۆڕێ ، ئازادی توانای مرۆڤە بۆ ژیانێکی باشتر )) (سارتر ،٢٠٠٩ ، ١٥).

ئەم هزرە پەیامی گەیاندنی ئەوەیە، کە هزری تاك ئازاد بکات لە کۆت و بەند، کە هێزی تاك بەند دەکات و ناتوانێ گەشە بە تواناکانی بدات.

چەمکی ئازادی بەشێکە لە هەموو لایەنەکانی ژیان، واتە پەیوەستە بە هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە، بەڵام زۆرجار وەکو چەمکێکی سیاسی سەیر دەکرێ و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش وای کردووە ئەدەب و سیاسەت لە گۆشەیەکدا یەك بگرنەوە، ئەویش ئەدەبی بەرگرییە، ئەم ئەدەبی بەرگرییە لە ئەنجامی سیاسەتی زوڵم و زۆرداری چەندینساڵەی دوژمنان لە بەرامبەر نەتەوەی کورد ئەنجامیان داوە دێتە بەرهەم، وای لە نووسەران و قەڵەم بەدەستان کرد چەمکی سیاسی لە رێگەی ئەدەبی بەرگرییەوە بخەنە بەر دیدی کۆمەڵگا و ئاشنای بکەن بە خوێنەر، ئازادی وەك چەمکێك کە پەیوەندی بە هەموو تاکەکانی نێو کۆمەڵگاوە هەیە ئەدەبیاتی نێو کۆمەڵگاش کە تاکێکن لەو کۆمەڵگایە، خەمی سەرەکییان ئازادی و سەربەستی ئەو میللەتە بووە و هەمیشە بە خامەکانیان خزمەتی ئەو لایەنانەیان کردووە ((ڕەخنەی لە دەسەڵات و زوڵم و زۆرداری گرتووە، رەخنە لە نادادپەروەری سەر هەڵدەدات و دەنگی خۆی بەرز دەکاتەوە و کە ئازادیش نەبوو ئەو ڕەخنانە کپ دەبن تا ئەو زەمانەی فەراهەمی ئازادی دەبێت)) (جاف، ٢٠١٢، ٣٨).

ئازادیی تاك گرینگی زۆری هەیە چونكە ((ئازادیی تاك بەرەو پانتاییەکانی دونیا دەبا و روئیاکانمان بەر فراوانتر دەکات )) (جاف ، ٢٠١٢ ، ٣٣) لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەگەر تاك لە کۆمەڵگا ئازاد بێت چەند گرینگە بۆ پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە، شیعریش یەکێك لەو بەرهەمانەی کە شاعیران خستوویانەتە گەڕ بۆ خزمەتکردنی نەتەوە، بۆ ئەوەی وێنەی ئەو دڵسۆزییە بەشیعر بنەخشێنن و پێشکەشی میللەتی بکەن" نەجات ئەسپیندارەیی" یەکێکە لەو شاعیرانەی کە باس لە ئازادی دەکات بەم شێوەی خوارەوە:

**کە لە ئازادی بێ بەش بم**

**دونیا هێندەی تر گەورەبێ هەر زیندانە** (ئەسپیندارەیی،٢٠٢١، ٣٥ )

لێرەدا دەیەوێت باسی گەورەیی ئازادی بۆ مرۆڤ بکات و وێنەی ئەو ئازادییە جوانە بکێشێت، کە مرۆڤ پێویستە هەیبێت، وەگەرنا لەناو سزادایە و هەمیشە سزا دەدرێت بە سزایەکی زۆر بێ مانا و پڕوپووچ، شاعیر بە شتی بچووکتر لە ئازادی قەناعەتی نایەت و دڵخۆش نابێت، بۆیە تەنیا پێویستی بە هەناسەی ئازادییە، ئەگەر ئەو ئازادییەش نەبێت ئەوا لە ناو ماڵەکەی خۆیشیدا هەست دەکا لە ناو زیندانێکی خامۆشە ، رووناکی لێ نییە و پڕە لە نائومێدی و هەناسەی ساردی بێ ئازادی وەك دارستانێکی خامۆش، دەنگ و بزە و جریوەی ئازادی لێوە نایەت، ئەو دارستانە مەبەست لێی وڵاتە، بۆیە لە کۆتاییشدا بە زەمهەریر دەیچوێنێت کە شوێنێکی زۆر سارد و سڕە و جێگای سزایە و هیچ خۆشییەکی لێ نییە .

**گەر دەتانەوێ بمکوژن**

**پێویست ناکا نێزە و خەنجەر بەکاربێنن**

**مردنی من زۆر ئاسانە**

**بۆ خۆم دەمرم گەر ئازادیم لێ بستێنن** (ئەسپیندارەیی،٢٠٢١، ٦٥ )

لێرەدا ئەوەندە ئازادی بە شتێكی گرینگی ژیان داناوە وەك هەناسە بۆ مرۆڤ ، چۆن مرۆڤ هەناسە نەدا دەمرێت هەر بەو شێوەیەش ئازادی لێ زەوت كەن ناژیت و دەمرێت.

**چ پایز بێ چ بەهار بێ**
**بۆ باڵندەی ناو قەفەس جیاوازی نییە**
**دەرگاكان كلیل دراون**
**هیچ كەسیش بە كڵاو و ڕۆژانە رازی نییە** (ئەسپیندارەیی،٢٠٢١، ٦٦ )

وەرزەكان و ساڵ و مانگ هیچ گرینگی نییە بۆ كەسێك كە ئازاد نەبێت، ژیان بەئازادی خۆشە مرۆڤ ئەگەر هەستی كرد ئازادی لێ زەوت كراوە، ئەوا هەست دەكا ژیانی لەنێو قەفەسێكی ئاسنیندایە و لە خۆشیی ژیان بێ بەشە.

**٣- هزری ئاینی**

ئاین بەشێكە لە ژیانی هەموو مرۆڤایەتی و ڕەگەزێكی گرینگ و كاریگەری ژیانی مرۆڤ پێكدەهێنێت، بیركردنەوەی مرۆڤ لە سروشت و مردن لاوازیی مرۆڤ بەرامبەر هێندێك دیاردە، كە ڕوو دەدەن لەم سروشتە، نەبوونی توانای كۆنترۆڵكردنی گەلێك ڕووداوی ژیانی مرۆڤ، هەر لەگەڵ وشیاربوونەوەی مرۆڤدا بیریان لە لای هێزی نادیاری باڵا دەستی بە تواناداڕۆییوە، كە دەبێ ئەو مرۆڤ و سروشت و گەردوون و بوونەوەرەی هێنابێتە بوون و توانای پێدانی ژیان و مان و نەمانی هەبێ، بۆیە بە پێویستیان زانیوە بۆ ڕەزامەندی ئەو دابینكردنی پێویستیە ماددی و ڕۆحییەكانیان و پاراستنیان لە بەڵا و نەهامەتی و مەترسییەكانی ژیانی ڕۆژانە، ئەوا پەنا بۆ ئاین بەرن.

ئاین وەكو وشە بەرامبەر (مبدأ، عقیدة، ایمان، دین ٠٠٠ هتد) دێت، لە زۆربەی فەرهەنگەكان هەر بەو واتایە هاتووە ((ئاین وەك پێویستیەك بۆ

ڕێکخستنی کار و کردەوەکانی مرۆڤ بە درێژایی مێژوو وەك یەکێ لە سەرچاوەکانی یاسا دادەنرێت لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا هەر لە ڕێگەی ئاینەوە باس لە ژیانێکی ئەبەدی کراوە و باسی دووبارە زیندووبوونەوە و بەهەشت و دۆزەخ کراوە)) (ckb.m.wikipedia.org) کەواتە ئاین وەکو پێویستیەك بۆ ژیانی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا بۆ ئەوەی ژیانێکی ڕێکوپێك و ڕێکخراو بەسەر ببەن و ئاینەکە ببێتە خۆشگوزەرانی بۆ تاکی نێو کۆمەڵگا، ئاین ((هۆکاری پەیوەندییە لە نێوان خەڵك و خوادا )) (عەبدوڵڵا ، ٢٠٠٩ ،٦٠).

ئاین هۆکارێکە بۆ خوشگوزەرانی ((ئایین زۆر جەخت لەسەر گرینگی بەها بەرزەکان دەکاتەوە لە بونیادنانی کەسایەتی تاك، هەروەها ئاڕاستەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەکات و هانی دەدات بۆ کاری چاکە)) (ابابکر، ٢٠٢٢ ، ٣٥) .

ئاین وەك هۆکارێك کە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خوادا ڕێکدەخات و بە هۆی ئاینەوە مرۆڤ پەیوەندی لەگەڵ خوادا دروست دەکات. هەر ئاینە دەستوور و یاسا و بیری ئاینی لە نێو دەقی ئەدەبیدا بەرجەستە دەکا، ئەم هزرەش لە سەرەتای دروستبوون و پەیدابوونی مرۆڤەوە تاکو ئێستاش وەك خۆی ماوەتەوە لە گەشەسەندنی بەردەوامە بەپێی رۆژگار و گونجاندنیەتی بەپێی قۆناغەکانی ژیان ، لە تەواوی قۆناغەکانیشدا بەربەست و بەرهەڵستکاری هەبووە، لەگەڵ ئەو بەرهەڵستیەش کۆمەڵێك پشتگیرییان کردووە و بە چاکیان زانیوە، بە باشترین شێوە پاڵپشتی هزری ئاینی بوون.

نووسەران و شاعیرانیش بەردەوام و لە هەموو قۆناغەکان گرینگیان بە هزری ئاینی داوە و بەشێکی نووسینەکانیان تەرخان کردووە بۆ هزری ئاینی، هەر لە شاعیرانی کلاسیکەوە بگرە تا شاعیرانی ئێستا هەموو کاریگەری هزری ئاینی لە شیعرەکانیان ڕەنگی داوەتەوە، نەجات ئەسپیندارەییش هزری ئاینی لە

زۆربەی شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە و وێنەی جوانی نەخشاندووە، بە هەستێکی ئاینی شاعیرانەوە شیعرەکانی دەربڕیوە وەك لەم شیعرەدا دەنووسێ:

**تەمەن لەسەر ئاوابوونە**
**لە جەنجاڵی ژیان هەڵدێ بە ڕاکردن**
**سەفەری ڕۆح بۆ لای یارە**
**زمانی سادە ناویان لێ ناوە مردن** (ئەسپیندارەیی،٢٠٢١، ٢٩ )

لێرە بۆمان دەردەکەوێت کە چەند بە هەستێکی شاعیرانەوە ئەو هزرە ئاینییە پاکە بە وشەی جوان و بریقەدار نەخش کردووە و تابلۆیەکی جوانی لێ دروست کردووە .

**ڕێگام پێ بدە بێمەوە**
**لەم دونیا بێ سەر و بەرە بێزارم**
**لێرە سەد جار ناوت بێنم**
**لەوێ ملیۆن جار ناوت دێتە سەرزارم** (ئەسپیندارەیی،٢٠٢١، ٤١ )

لەم شیعرەدا لە دەست ئەم ژیانە، کە پڕە لە ناسۆری و تەنگ و چەڵەمە گلەیی لە حاڵی خۆی دەکا، دنیا لە لای ئەو بێ سەروبەرە، هەندێك تێر و هەندێك برسین، هەیە لە ناو گوڵ و گوڵزاران و شەونم دەژی هەشە لە دڵۆپێك باران بێ بەشە، ئەوەی وای لە شاعیر کردووە بڵێ بێزارم و بێزاریی خۆی دەردەبڕێ بێگومان هزری ئاینەکە بەپێی کەسەکان دەگۆڕێ ئەمەش لە ئەنجامی بیرکردنەوەی جیاواز و لێکدانەوەی جیاواز بۆ بابەتە ئاینییەکان، ئاینی ئیسلام لە کۆمەڵگای کوردیدا لە هەموو ئاینەکان باڵاترە، هەمووشمان دەزانین قورئانیش تاکە سەرچاوەی ئەم ئاینەیە، بۆ خستنە ڕووی بابەتە ئاینییەکان و دەستوور و یاسای ئاینی ئیسلام، هەر بۆیە شاعیران و نووسەرانیش پەنا بۆ ئەو دەقانە دەبەن و لە ناو شیعرەکانیان ئاماژە بۆ ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی

پێغه‌مبه‌ر (صلی الله علیه وسلم ) ده‌كه‌ن یاخود ده‌ق ئاوێزانی ئایه‌ت و فه‌رمووده له به‌رهه‌مه‌كانیان به‌دی ده‌كرێ ٠

نه‌جات ئه‌سپینداره‌یی له شیعره‌كانیدا سوودی له ده‌سته‌واژه ئاینییه‌كان وه‌رگرتووه و به‌كاری هێناون به خوێندنه‌وه‌ی وردی شیعره‌كانی ده‌رده‌كه‌وێت، چه‌ند هۆگری ئاینه و هزری ئاینی چه‌نده له شیعره‌كانی ره‌نگی داوه‌ته‌وه ویستوویه‌تی به زمانی شیعر ئاماژه به مه‌به‌ست و بابه‌ته‌كان بكات و جۆره یه‌كسانییه‌ك له نێوان شیعر و ئاین دروست بكات .

هه‌بوونی زاراوه‌ی ئاینی له شیعری هه‌ر شاعیرێكدا، یان بۆ لاساییكردنه‌وه‌ی شاعیرانی پێش خۆی بووه، یان ئه‌وه‌تا له ئه‌نجامی كاریگه‌ری ئه‌و ئاینه له‌سه‌ر هزری شاعیر دروست بووه و له شیعره‌كانی به وشه وێنه‌ی ئه‌و هزره‌ی كێشاوه، ئه‌وه‌ی له شیعره‌كانی نه‌جات ئه‌سپینداره‌یی ده‌رده‌كه‌وێت ، باوه‌ڕ و ئیمانێكی پاك و بێگه‌رد پیشانی خوێنه‌ر ده‌دات.

**ئه‌و رۆحی نا به رۆحمه‌وه**
**له‌ناو خۆما بووم به كه‌سێكی وه‌ك ئه‌و**
**من كه دڵم رووناك بۆوه**
**باكم نییه با له ناو تاریكی شه‌و بم** (ئه‌سپینداره‌یی، ٢٠٢١، ٢٢ )

لێره‌دا شاعیر ده‌ڵێت: (ئه‌و رۆحی نا به رۆحمه‌وه ) باسی رۆح ده‌كات ، خوای گه‌وره له قورئانی پیرۆز ده‌فه‌رمووێت (ویسألونك عن الروح قل الروح من أمر ربي وما أوتيتم من العلم إلا قليلا) (سورة الاسراء آية ٨٦).

واته پرسیارتان لێده‌كرێ ده‌رباره‌ی (ڕۆح) پێیان بڵێ : ڕۆح فه‌رمانی له په‌روه‌ردگارمه‌وه‌یه، كه‌واته ڕۆح ئه‌و هێزه شاراوه‌یه ، كه خودا له ئاده‌میزادا دایناوه و راسته‌وخۆ په‌یوه‌سته به په‌روه‌ردگار و بۆیه هه‌تا ئه‌م هێزه هۆشیارتر و چالاكتر بێت، ئه‌وه‌نده كه‌سی باوه‌ڕدار هۆشیارتر و به‌هێزتر و چالاكتر ده‌بێت .

بەپێچەوانەوە هەر لاوازیەك لەم بوارەدا روو بدات کاریگەری نەرێنی لەسەر بیر و هۆش و کاری باوەڕدار دروستدەکات، بۆیە دەبێت لەگەڵ هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی خود لە لایەن باوەڕدارەوە لە بوارە جیاجیاکاندا، هەرگیز ئەوە لە بیر نەکات، کە دەبێت بەردەوام لە هەوڵ و بەهێزکردنی لایەنی رۆحی خۆی بدات، هەتا بتوانێت سوود لە هێزەکانی تر وەربگرێت و ڕەوتی دیندارانە و باوەڕدارانەی خۆی لە دەست نەدا لەگەڵ هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیاندا، ئەبینین خوای گەورە لە سەرەتای سوڕەتی (هود) دا باسی حاڵەتی لاوازی ئادەمیزاد دەکات لە کاتێکدا کە دڵخۆشە و لە کاتێکیشدا کە دڵ تەنگ و بێ هیوایە، کە ئەمانە بە هۆی لاوازیی رۆح روو دەدات ٠

دیارە رۆح کە پەیوەستە بە خوداوە تەنها بە یادی خودا بە هێز دەبێت، چەند بڕوادار لایەنی خواناسی وەك چەك و خوا پەرستی وەك کردار پاکتر و بەهێزتر بێت، ئەوەندە لایەنی رۆحی بەهێزتر و چالاکتر دەبێت.

کەواتە لێرەدا هەست بە بوونی رۆحی خۆت دەکەی کە بزانی پڕە لە ئەوینی خودایی بەو ئەوینە دڵ و دەروون رووناك دەبێتەوە لە هەموو ژیاندا ڕەنگ دەداتەوە ، بەو ڕووناکی و نوورە لە دنیا دەڕوانی و ڕووناکی و نووری ئەو لە هەموو شتێکدا بەدی دەکەیت .

**هەموو دەرگاکان داخراون**
**تەنها دەرگای تۆ بۆ هەموو کەس واڵایە**
**دەرگای تۆ کلیلی نییە**
**ئەلف لام میمە کلیلی ئەو دەرگایە** (ئەسپیندارەیی،٢٠٢١، ٨٧ )

(ئەلف لام میمە ) ئاماژەیە بۆ سەرەتای سورەتی البقرة، لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە (الم (١) ذلك الكتاب لاريب فيه هدى للمتقين (٢) ) البقرة .

چەند پیتێك لە سەرەتای هەندێ لە سوورەتەکانی قورئاندا هاتوون کە ژمارەیان (١٤) پیتە، نیوەی کۆی پیتەکانی زمانی عەرەبین، بۆ سەلماندنی (اعجاز) و مەزنی و گرینگی قورئان کە لەتوانای هیچ کەسدا نییە بەو پیتانە کتێبێکی ئاوا بێ وێنە دابنێت، بەڕادەیەك هەتا ئەگەر هەموو گرۆی ئادەمیزادیش کۆببنەوە.

**ئەنجام:**

١-یەکێك لە ڕەگەزە زاڵەکانی پێکهێنەری شیعری، کە لە ڕەگەزەکانی دیکە لەنێو شیعرەکانی ئەسپیندارەیی زاڵتر دیارە ڕەگەزی هزرییە، شاعیر لە ڕێگەی ئەم بنیاتەوە شیعرەکانی خۆی دەنووسێت.

٢-گرینگیدانی زۆر بە هزر وای کردووە شیعرەکانیش ڕەنگدانەوەی ئەم بوارە بن، کە ڕەنگی داوەتەوە لە هزری (کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، ئاینی ) توانیویەتی بەسەرکەوتوویی پەیامی شیعریی خۆی بگەیەنێت.

**سەرچاوەکان:**

**قورئانی پیرۆز**

**کتێبی کوردی:**

- ئەسپیندارەیی، نەجات (٢٠٠٩)، گورگنامە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- ئەسپیندارەیی، نەجات (٢٠٢١)، ئەشکەوت نییە لێی نەخەوتبم، هەولێر.
- ئاگرین، عەبدوڵلا (١٩٩٩)، کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردی کوردستانی عیراق (١٩٦١-١٩٧٠)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی یەکەم، هەولێر.
- الماضی، شکری (٢٠١٠)، تیۆری ئەدەب، و: سەردار ئەحمەد گەردی، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

- حسەین، عەلی تاهیر (٢٠٠٨)، رەخنەی بونیادگەری لە تیۆرییەوە بۆ پراکتیزەکردن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- جاف، سەردار(٢٠١٢)، لێکۆڵینەوەیەکی رەخنە (شیرینتر لە دەق)، چاپخانەی گارە، کەرکووك.
- خلیل، معین (٢٠٠٩) رەخنـــــەی هزری کۆمەڵایەتی هاوچەرخ، و: شەهلا وەلی جەبار، چاپخانەی خانی ، دهۆك.
- ژیر، کامل (٢٠٠٢)، کوردایەتی و سەربەخۆیی، چاپخانەی رەنج، چاپی یەکەم ، سلێمانی.
- سەعدون، سامان عزەدین(٢٠٠٩)، بنیاتی هونەری لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال.
- سارتر، ژان پۆل (٢٠٠٩)، ئەدەب چییە، و: مستەفا غەفوور، چاپخانەی خانی، دهۆك.
- عەبدوڵلا، ئیدریس (٢٠٢١)دەقناسی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.
- عەبدولرحمن، فوئاد (٢٠٠٩)، بیر، ئاوەز، زمان، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
- قەرەداغی، عەتا (٢٢-٢-٢٠٢١)، زمان و نەتەوە ،wtarikurd.
- هالبێرگ، پیتەر(٢٠١٠)، تیۆری ئەدەب و شێوازناسی ، و: ئەنوەر قادر محمد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی سلێمانی.
- هەژار، شێرکۆ (٢٠١٣)، کوردی نەتەوەیی و نەتەوەی کوردستان، هەولێر.
- محمد، سامان (٢٠١٠)، خوێندنەوەی چەند دەقێکی ئەدەبی و فکری، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، کەرکووك.

**نامەی ئەکادیمی:**

- ابابکر، بەهار صالح (٢٠٢٢)، چەمکەکانی ژیان لە حەکایەتەکانی فۆلکلۆری کوریدا (چەند بەرهەمێکی کۆکراوەی جەمال گردەسۆری بەنموونە)، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر.
- عەبدوڵلا، فەهمی شوکر (٢٠٠٩)، نەتەوە و دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧)دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- محەمەد، محەمەد عوسمان (٢٠٢١)، شیعریەت لە هۆنراوەکانی (مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدییان)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

**ئینسایکلۆپیدیا و فەرهەنگ:**

- ئەلحەسەن، ئیحسان محمد (٢٠٠٧)، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، و: دانا مەلا حەسەن، چاپخانەی سەردەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی.
- هەژار (١٣٨٩)ی هەتاوی، (٢٠١٠)ز، هەمبانە بۆرینە (فرهنگ کوردی _ فارسی )، چاپی حەفتەم.

**گۆڤارەکان:**

- مۆتی، کریشنا، (٢٠٠٠)، ئازادی و قورتاربوون، و: پەروێز ئەحمەد، گۆڤاری ئاینده ، ژمارە (٩)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

**کتێب بەزمانی عەرەبی:**

- الطیب، محمد(٢٠٠٨)، وحدة الوجود في التصوف الاسلامی، الطبعة الاولی، دار الطلیعة، بیروت.
- فضل، صلاح(١٩٨٧)، نظریة البنائیة في النقد الادبي، دار الشؤن الثقافة العامة، بغداد.
- غدنز، أنتونی (٢٠٠٥)، علم الاجتماع مع مدخلات عربیه، ت: د. فایز الصیاع ،الطبعة الرابعة، بیروت.
- موسی، انور عبدالحمید (٢٠١١)، علم الاجتماع الادبی، مطبعة دار النهضة العربیة ، الطبعة الاولی، لبنان.
- عونی، محمد علی (٢٠٠٦)، شرفنامه في تاریخ الدول والامارات الکردیة، دارالزمان دمشق، الجزء الاول ، سوریا.

**پێگەی ئەلیکترۆنی:**

www.wikipedia.org-.

- شاهین، عمر (الاستقلال وحلم الحریة)

- www ammomews net
- www.emrro.com

## الملخص

## البنية الفكرية الفنية في قصائد "نجاة أسبينداريي"

البنية الفكرية الفنية في قصائد "نجاة أسبينداريي" عنوان هذا البحث، يبدو أن جميع النصوص الأدبية الشعرية أو النثرية، تبني على ذهن واحد. هذه الفكرة هي طريقة غير ملموسة في ذهن صاحبه. بعد ذلك سوف تتبعها وتبحثها كلمات وتعبيرات، لتصبح نصاً أدبياً ثم تأتي الأجناس الأخرى، وتتصل هذه الفكرة بشكل جيد لتحقيق وتأثير أقصى الاستفادة.

نجاة اسبينداريي هو شاعر تبني كل قصائده على عقل وفكر القوي.

إذا نظرنا إلى بنية جميع النصوص، نرى أن النص القوي، تكون الاستفادة الى حد اقصى. إذا كان بسبب جميل في اللغة وبطريقة قوية، قوي مثل الفكر التي تقدمها الى المتلقي أو بالعكس اي نص اذا لم تُكتب بشكل أدبي واضح لاتعطي النتيجة وليس تاثيرها على النفوس ومشاعر القراء, بحثنا بذلك العنوان نرسم أشعار الشاعر "نجاة اسبينداريي".


الكلمات الدالة: اسبينداريى ، الفكر ،الاجتماعي ، الديني ، القومي.

## Abstract

## The intellectual Artistic Structure in Najat Aspindarei's Poems

The intellectual and Artistic basis of (Najat Aspindarei's Poems) is the title of the current study. It is obvious that every literary text, whether poetic or prose is based on a thought. And this thought is present semantically in the mind of its owner. Then he looks for words, expressions, forms and other literary genres to create a literary text. Then other genres come to convey this thought wonderfully.

Najat Aspindei is a poet who has been setting all his poems on some strong thoughts. If we look closely at the structure of all his texts, we can see that the text which has a strong mind makes the most powerful impact if it is presented with linguistically glorious reasons and in a strong form like the idea. Conversely, if a poetic text is not written in a high level of poetic form, it won't give its result. Our study is under the above mentioned title and we discuss (Najat Aspindarei's) poems.

Key words: Aspindarei, thought, social, religious, nation